## ڕێکخراوی سروشتی کوردستان:

ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی ژینگەیی خۆبەخشی قازانج نەویستە. کاردەکات بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ژینگەی کوردستان، لە ڕێگەی بلاّوکردنەوەی وشیاری ژینگەیی و دروستکردنی فشار. لە بوارەکانی پەروەردەی ژینگەیی و یاسای ژینگەیی کاردەکات بە دروشمەکانی(ژینگەیەکی سەوز و تەندروست لە پەروەردەیەکی دروستەوە سەرچاوە دەگرێت. پەروەردەی ژینگەیی و یاسایی ژینگەیی بنەمای کارکردنمانە).

لە ڕۆژی ٥ ی ٦ ڕۆژی جیهانی ژینگە لە ساڵی ٢٠١٢ لە قەزای دەربەندیخان دامەزراوە، وەك یەکەمین ڕێکخراوی ژینگەیی لەسەر ئاستی دەڤەری گەرمیان. دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بە قۆناغێکی گرنگی کاری ڕێکخراوەیی ژینگەیی دادەنرێت لە باشوری کوردستان. لە ٢٠١٣/٣/٦ مۆڵەتی فەرمی کارکردنی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ لە دەربەندیخانەوە دەستی بە ئەنجامدانی کاروچالاکی ژینگەیی کردووە، لە سەرەتاوە چالاکیەکانی بەپێی پلانی وەرزی ڕێکخستووە و دواتر بەپێی پلانی سالأنە. بەشێك لەو چالاکیەکانە بریتی بون لە(شۆڕشی سپی هەڵمەتی بەکارهێنانی تورەکەی قوماشی خامی دۆستی ژینگە لە جیاتی کیسەی نایلۆن، کۆکردنەوەی پیل(پاتری)، پێدانی ناسنامە و دروستکردنی تۆمار بۆ درەختە بەتەمەنەکان، ڕێکخستنی مەراسیمی ماڵئاوای کردن لە دوو درەختی بەتەمەن، بەخاکسپاردنی ئەو باڵندانەی لەلایەن ڕاوچیانەوە کوژراون) کارکردن لە (نوسین و پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای مافی ئاژەلأن، پارکی نیشتیمانی، نوسین و بەچاپ گەیاندنی یەکەم پرۆگرامی ژینگە بۆ باخچەی منداڵان، نوسین و کۆکردنەوە و بەچاپ گەیاندنی یەکەم کتیبی تایبەت بە ژینگە و ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە باشوری کوردستان)هیتر.... لەسەر ئاستی باشوری کوردستان بەسەدان کاروچالاکی جۆراوجۆری تری بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ژینگە ئەنجامداوە، دەیان فۆڕمی نوێی چالاکی ژینگەیی پێشکەش کردووە.

ڕێکخراوەکە لە دوو بۆرد پێکهاتووە، بۆردی گشتی کە بەرزترین دەسەڵاتی ڕێکخراوەکەیە و لە سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوەکە پێکهاتووە، بۆردی باڵا کە لە ناوەندەکانی(کارگێڕی و دارایی، پەروەردەی ژینگەیی، یاسایی ژینگەیی، سەرچاوە مرۆییەکان، پەیوەندییەکان، میدیا) پێکدێت. سنوری کارکردنی فراوانە و لە هەرشوێنێك دەرفەتی کار و ئەنجامدانی پرۆژەی ژینگەیی تێدا بگونجێت و لە توانایدا هەبێ کاری بۆدەکا. دەستەی بەڕێوەبردنی نوێنەرایەتی هەیە لە شارەکانی(هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجەی شەهید، گەرمیان، ڕاپەڕین، دەربەندیخان) سیستەمی بەڕێوەبردنی بۆردی باڵا و سەرجەم نوێنەرایەتیەکانی هاوسەرۆکییە، یەکەم ڕێکخراوی ژینگەییە لە باشوری کوردستان ئەم سیستەمەی پەیرەوکردووە. دەسەڵاتی بۆرد و نوێنەرایەتیەکان لە ڕێگەی کۆنفرانس و کۆنگرەوە ئاڵوگۆڕدەکات لە ڕێگەی دەنگدان، بەشێوەیەکی ئازادانە و دیموکراسیانە. تا ساڵی ٢٠٢٠ دوو کۆنگرەی بەستووە، کۆنگرەی یەکەمی لە ٢٠١٥/١١/١٤ لە دەربەندیخان. کۆنگرەی دوهەم لە ٢٠١٨/١١/٢٠ لە شاری سلێمانی بەبەشداری ٤٢ ئەندام.

**ئامانجە سەرەکیەکانی بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی پەسەندکراوی دووهەم کۆنگرە بریتیە لەم پێنج ئامانجەی خوارەوە:**

١- وشیارکردنەوەی تاك لە پاراستن و گەشەپێدانی ژینگە، لەڕێگەی میدیا.
٢- دانانی پرۆگرامی ژینگەیی بۆ باخچەکانی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتیەکان.
٣- بەوانەیی کردنی ژینگە لە باخچەکانی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتیەکان.

٤- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای ژینگەیی بۆ پەرلەمانی کوردستان.
٥- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پرۆژە ڕێنمایی ژینگەیی بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

**چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکانی:**

١- بەرزکردنەوەی توانا و ئاستی ئەندامان و دۆستانی ڕێکخراو.
٢- چاودێریکردنی ڕەوشی ژینگە و ئاستی خزمەتگوزارییە پەیوەستەکان بە ژینگەوە.
٣- سازدانی کۆرس و ۆرکشۆپ و سیمینار و کۆنفرانس و کۆنگرە.
٤- دروستکردنی فشار لەسەر لایەنە حکومییەکان و کەرتی تایبەت، لە ڕێگەی:
- کۆبوونەوە، گردبوونەوە، میدیا، هەرچالاکییەکی دیکەی مەدەنی.

٥- پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ڕێکخراو و هەموو دەستگا و کۆمەڵەیەك کە بەتەنگ ژینگەوە بێت (لە ناوخۆ و دەرەوە).

ژمارەی ئەندامەکانی تا سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ گەیشتووەتە ١٠٢ئەندام. جگە لەوەی ئەندامان بەشێوەی خۆبەخش کاردەکەن، هاوکات کۆمەکی مادیش پێشکەش بەڕێکخراوەکە دەکەن، کە ئەمە نمونەیەکی گرنگ و دەگمەنە، ئەندام بەشێوەی خۆبەخش کاربکا و پارەی خۆی ببەخشێ بۆ ئەنجامدانی کاروچالاکی ژینگەیی. باوەڕ و ئیرادەیەکی بەهێز لە ناو سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەدا هەستی پێدەکرێت، ئەم باوەڕ و ئیرادەیە شۆڕبووەتەوە بۆ ئاستی ئەندامان، هەر ئەمەشە وای کردووە لە ساڵی ٢٠١٢ە بەردەوام ڕێکخراوەکە، کارەکانی بەرەو پێشەوە بچێت و وەك ڕێکخراوێکی کارا و کاریگەر لە بازنەی کارکردن بۆ پاراستنی ژینگە بمێنیتەوە. بەبێ هیچ جۆرە هاوکار و پاڵپشتییەکی حزبی و حکومی و کەسی. لە کاتێکدا ڕێکخراوی تری ژینگەیی هەیە، هەموو جۆرە پاڵپشتیەکانی هەیە، بەلاَم نەیتوانیووە هێندەی نوێنەرایەتیەکی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان کارا و کاریگەربێت.

بەهۆی داکۆکیکردن لە ژینگە و دەربڕینی هەڵوێست و چالاکی جۆراوجۆر بۆ پاراستنی ژینگە، چەندین جار ئەندام و سەرکردەکانی ڕوبەڕوی هەڕەشە و لێدان و تەشهیر و گرتن بونەتەوە، چ لەلایەن خەڵکانی دەسەلاَتدار و چ لەلایەن حکومەت و دەسەلاَتی دادوەرییەوە، دیارترین دۆسیەش دەستگیرکردن و زیندانی کردنی هاوسەرۆکی ڕێکخراوەکە سەروەرقەرەداغیە، کە لەسەر دوو سکالاَی تۆمەتبارێك بەکوشتنی ئاسکێك و داواکاری گشتی ماوەی ١٤ڕۆژ زیندانی کرا و بۆ ماوەی یەك ساڵ ٣,٠٠٠,٠٠٠سی ملیۆن دیناری عێراقی لێوەرگیرا و غەرامەکرا.

ڕێکخراوەکە ئەندام بووە لە دەستەی بەڕێوەبردنی(تۆڕبەندی ئیکۆپۆتامیا بۆ داکۆکیکردن لە ژینگەی میزۆپۆتامیا لەسەر ئاستی هەر چوارپارچەی کوردستان، فیدراسیۆنی ڕێگخراوە ژینگەییەکانی باشوری کوردستان، تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە، تۆڕی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی گەرمیان، تۆڕی زەوی ماڵمانە لە سلێمانی، تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجەی شەهید).

خەلاَتی ڕێزلێنانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و بڕوانامەی ڕێزلێنانی وەزیری هەرێمی بۆ کاروباری ژینگە، پێبەخشراوە وەك یەکێك لە ڕێکخراوە کاریگەر و چالاکەکانی بواری ژینگە لەسەر ئاستی باشوری کوردستان.

**پەراوێز:** وێنەی ژمارەیەک لە کاروچالاکییەکان:















N.O.K
رێکخراوی سروشتی کوردستان
منظمة طبيعة كوردستان


#هێمای_ژینگە
#Environment_symbol
ڕۆژی ژینگەی کوردستان
16/4


N.O.K


N.O.K 2015/12/5












2014 02 05








پەرلەمانی کوردستان
Kurdistan Parliament Sulaimani Office
STOP




برلمان كوردستان - العراق
Kurdistan Parliament - Iraq

















شەهید درەختێکە...هەناسەکەی بەردەوامە

بۆ ڕێکخراوی: سروشتی کوردستان
بابەت/ ڕێز و سوپاس

بە خۆشحاڵیەوە ڕێز و سوپاس ئاراستەی ڕێکخراوەکەتان دەکەین لە ٤/١٦ ڕۆژی ژینگەی کوردستان بە هۆی بە شداری کاریگەر و چالاکانەتان لـــــە خزمەتکردنی ژینگەی کوردستان، هیوای بەردەوامی و کاری باشترتان بۆ دەخوازین. دوژمن بــە کیمیابارن...ئێمەش بە ژینگە دۆستی.

٢٠١٦/٤/١٦

عبدالرحمن عبدالرحيم حمە رضا
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە


پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمان داوا لە حکومەت دەکات هاوکاریی شۆڕشی سپی بکەن

13/09/2015 06:39:00 م

لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگەی پەرلەمانی کوردستان، هاوکاری و پاڵپشتی خۆی بۆ ڕێکخراوی سروشتی کوردستان دەردەبڕێ لە بەرامبەر هەڵمەتی شۆڕشی سپی بۆ پارێزگاریکردن لە ژینگەی کوردستان.

لەوبارەیەوە زولفا مەحمود سەرۆکی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، بە سایتی پەرلەمانی ڕاگەیاند: "عەلاگەی نایلۆن زیانێکی زۆری بۆ سەر تەندروستی و ژینگە هەیە، لەبەرئەوەی ماددەیەکی کیمیاییە و دوای فڕێدانی بۆ سەر زەوی 10 بۆ 15 ساڵ دەخایەنێت بۆ شیبوونەوە و لەناوچوونی، بەڵام لە بەرامبەردا تورەکەی سپی ماددەیەکی سروشتییە لە سروشتەوە بۆ سروشتە ماوەیەکی کەم کە 2 مانگ بۆ 3 مانگی دەوێ بۆ شیبوونەوەی ئەوەش جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو ماددانەدا بۆ بەجێهێشتنی کاریگەریی بۆ سەر ژینگە و تەندروستی".

وتیشی: "وەکو لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لە پەرلەمان، دەستخۆشی لەو ڕێکخراوە دەکەین و پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت بە تایبەتی لە وەزارەتی تەندروستی و پلاندانان و ژینگە، هەروەها وەزارەتی کشتوکاڵ هاوکاریی تەواوی ماددی و مەعنەوی ئەو ڕێکخراوە بکەن بۆ گەیاندنی پرۆسەکە بە ئەنجامێکی باش لە شار و شارۆچکەکان، داواش لە سەرجەم هاووڵاتییان دەکەین کە هاوکاریی ئەو پرۆسەیە بکەن تا بتوانین هەڵمەتەکە پەرە پێبدەین لە پێناو پاراستن و دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ هاووڵاتییان".

لە ڕۆژی 2015/8/31، ڕێکخراوی سروشتی کوردستان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆییەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، شۆڕشی سپی۔ هەڵمەتی بەکارهێنانی توورەکەی سپیی دۆستی ژینگەی لە دژی عەلاگەی نایلۆن ڕاگەیاند لە هەرێمی کوردستان و لە ئێستاشدا بەردەوامە.

## (پێویستە هەموومان پێکەوەکاربکەین لەپێناو ژینگەیەکی سەوز و تەندروست)

نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری جیهانیش خاوەنی یەك هەسارە و یەك ژینگەی هاوبەشن. ئەمڕۆ جیهان ڕوبەڕوی قەیرانی گەورەی ژینگەیی بوەتەوە، عێراق و کوردستانیش بەدەرنیە لەم قەیرانە گەورە ژینگەییە. پێشکەوتن وگەشەی خێرای کەرتی پیشەسازی و کەرتی وزە و کەرتەکانی تر بە هۆکاری سەرەکی کارەسات و کاولکارییە ژینگەییەکان دادەنرێن. کێشە و کارەساتە ژینگەییەکان لە کوردستان گەیشتون بەئاستێك، کە لە هەندێك ناوچە مەترسی  بۆ سەر ژیانی دانیشتوانەکەی دروست کردووە. ئەوەی کە شایەنی هەڵوێستە لەسەرکردن ئەوەیە، هەوڵەکانی پاراستن بچوکتر و خاوترن بە  بەراورد لەگەڵ تێکدان و شێواندنی ژینگە. دەستدرێژی و کاولکارییە ژینگەییەکان زیاتر و زیاتر دەبن، ئەمەش زەوی دەخاتە مەترسییەوە. ڕۆڵ و کاریگەری حکومەت لاوازە و ئاستی هۆشیاری ژینگەیی تاکەکان نزمە، بازرگان و سەرمایەدارەکان ڕۆژ بە ڕۆژ چاوچنۆکتر دەبن و باکیان بە زەوی نیە. ئێمەی مرۆڤ هەمومان پێکەوە پێویستە ڕوبەڕو ببینەوە و بەربەرستێك بۆ دەستدرێژییەکان دابنێن، ئەگەرنا بەژیانمان باجی دەدەین.










**بۆ پەیوەندی ئیمەیڵی سەرەکی ڕێکخراو:**
Nokngo12@gmail.com

**ئەکاونتەکانی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان لە سۆشیال میدیا:**

**فیسبوك:**
https://www.facebook.com/NOKNGO12/

**ئینستاگرام:**
https://instagram.com/kno_ngo?igshid=1ekg667nayf1n

**تێلیگرام:**
https://t.me/NOK12

**تویتەر:**
https://twitter.com/kno_ngo

**یوتوب:**
https://www.youtube.com/channel/UCd16Vne5raDe88Jp_KnsBEw

**فۆڕمی ئەلیکترۆنی بۆ بون بەئەندام لە ڕێکخراوی سروشتی کوردستان:**
https://docs.google.com/forms/d/12Ke8z3TY6JzeACCENn04aO3QZO2WVJ8yetXElT1qNMY/edit?fbclid=IwAR0mkIXyC5ImV1CXb42pRNp8g2wtqq6oqOqJlOkxRAySstGQGBpxIUpmMdc#responses

**بایەخدانی میدیا نێوخۆی و بیانیەکان بە کاروچالاکیەکانی ڕێکخراوەکە:**

**کەناڵی الشرقیە**
https://www.facebook.com/watch/?v=2426309307611358

**کەناڵی ڕوداو**
https://www.youtube.com/watch?v=gwrjwnGzwzs

**کەناڵی ئێن ئارتی**
https://www.youtube.com/watch?v=jXBpBopI2Bs

**کەناڵی کەی ئێن ئێن**
https://www.youtube.com/watch?v=ZKq7pvNAoLQ

**کەناڵی گەلی کوردستان**
https://www.youtube.com/watch?v=qqVpPocRujY

**کەناڵی دیجلە**
https://www.youtube.com/watch?v=ottEK33-sKQ

**کەناڵی کوردسات**
https://www.youtube.com/watch?v=J2_b2cW15Bw

**کەناڵی کوردسات نیوز**
https://www.youtube.com/watch?v=kZz1_2p4vO8

**کەناڵی پەیام**
https://www.youtube.com/watch?v=Eu7qr-TBx3k

**کەناڵی جەماوەر**
https://www.youtube.com/watch?v=8suxdRJbCSw

**کەناڵی کۆڕەك تیڤی**
https://www.youtube.com/watch?v=9qkGVVTdP8I

**کەناڵی سپێدە**
https://www.youtube.com/watch?v=gBGxTAMmDps

**کەناڵی کەرکوك**
https://www.youtube.com/watch?v=W1z4Ms9pSFI

**کەناڵی کوردستان تیڤی**
https://www.youtube.com/watch?v=8Fp0VB4Iofo

**کەناڵی کوردستان ٢٤**
https://www.youtube.com/watch?v=q9mLrKB1foQ&t=360s

**ماڵپەڕی دوارۆژ**
https://www.youtube.com/watch?v=Gtpe0fmmSnQ

**دەنگی یەکگرتوو ڕادیۆی هەڵەبجە**
https://www.youtube.com/watch?v=lywqP0DYrHA

**دەنگی ئەمەریکا بەشی کوردی** VOA
https://www.youtube.com/watch?v=KRAizvaUtmY

**دەنگی ئەمریکا بەشی ئینگلیزی** Voice of America - VOA
https://www.facebook.com/watch/?v=1190354887832637

**ماڵپەڕی وشە**
http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=82487&Jor=14&fbclid=IwAR0ppfLuo4w3lZaQ2GTTK2acWKGA8xOj6O55yTj8UfTZ5HbBOltzvoIciiI

**XYZ+**
https://www.facebook.com/watch/?v=2469268343305363